# هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ پێکهێنانی خێزانێکی سەرکەوتوو

**بێخاڵ محەمەد**



هەڵبژاردنی هاوسەری گونجاو یەکەم هەنگاوە بۆ دروستکردنی خێزانێکی سەرکەوتوو و بەختەوەر، کاتێ کە دەگەڕێیت بەدوای کەسێک بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەرت دەبێ هەڵبژاردنەکە بە دڵ و عەقڵ بێت، هەندێ کەس تەنها پشت بە عەقڵیان دەبەستن و چەند مەرجێکی تایبەت لە رووی جەستەیی و عەقڵی و دەروونییەوە دادەنێن، گەشتی گەڕان بەدوای کەسی چاوەڕوانکراو دەست پێدەکات زۆرجاریش روویداوە کە کەسێک دەدۆزنەوە زۆربەی ئەو مەرجانەی تێدایە بەڵام هیچ نزیکبوونەوەیەک لەنێوانیان روو نادات و هەندێ جاریش کەسێک دەدۆزنەوە کە تەنها مەرجێک یان دووانی تێدایە لەگەڵ ئەوەش زۆر لەیەک نزیک دەبنەوە، لەگەڵ ئەو نزیکبوونەوەیەش هەر سوورن لەسەر مەرجەکانی خۆیان و ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەوان ئەو نزیکبوونەوەیە پشتگوێ دەخەن و پێیان وایە کە بڕیارێکی وا گرنگ دەبێت بەعەقڵ بێت نەک هەست و دڵ کاریگەرییان تیایدا هەبێ، لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە شێکاری توێژینەوە زانستییە نوێیەکان بکەم کە باس لە شێوازی کارکردنی مێشک دەکەن، لەمیانەی پرسیارێک کە دەڵێ بۆچی لە هەندێ کەس نزیک دەبینەوەو لە هەندێکی دیکەش دوور دەکەوینەوە بەبێ ئەوەی هۆکارەکان بزانین؟ بەپێی ئەو توێژینەوانە ئەو نزیکبوونەوەیە یاخود دوورکەوتنەوەیە تەنها هەستێک نییە بتوانرێ پشتگوێ بخرێت، بەڵکو لەناو مێشکی مرۆڤ ناوچەیەک هەیە پێی دەوترێ (limbic system) کاری ئەم سیستەمە وەک سەنتەری مێشکی ناوەوەی مرۆڤەو دەربڕی ئەو هەست و پێداویستییانەیە کە مێشکی ناوەوە پێویستی پێیەتی و مێشکیش درکی پێناکات، ئەم ناوچەیە هەموو ئەو هەستانە کۆدەکاتەوە کە کاتێ کەسێک دەبینێ وێنەیەک دروست دەکات و هەست بە ئارامی دەکات بەرامبەری یاخود هەستی بێزاریی و نابڕوایی لەلا دروست دەبێ بەرامبەر بەو کەسە، جا کاتێ کە لەگەڵ کەسانێک دەگونجێین و هەست بە سۆزو ئارامی و دڵنیایی دەکەین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە چونکە ئەو ناوچەیە وێنەو هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی ئەو کەسانەمان بۆ دەخاتە بەرچاو بۆیە ئێمەش هەست بە نزیکبوونەوە دەکەین یاخود بەپێچەوانەوە، ئەو سیستەمە وێنەو هەڵسوکەوت و تەنانەت شێوازی قسەکردن و گفتوگۆشی لەلای خۆی دەپارێزێت و بەراوردی دەکات لەگەڵ وێنەکەی لای خۆی ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ دەداتەوە کە بۆچی لە هەندێ کەس نزیک دەبینەوە و لە هەندێکی دیکەش دوور دەکەوینەوە.

ئەم هەستە لە بۆشاییەوە نەهاتووە بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە پارێزراوانەیە کە مێشکی ناوەوەی مرۆڤ خەزنی کردووە، بۆیە زۆر گرنگە کە هیچ کات هەست بەو نزیکبوونەوەیە پشتگوێ نەخرێت بە بیانووی عەقڵانییەت، مەبەست ئەوە نییە کە مرۆڤ هیچ مەرجێک بۆ هاوسەری دوارۆژی دانەنێت و تەنها پشت بە هەستی ببەستێت بەڵکو مەبەست لەوەیە ئەگەر ئێمە چەند مەرجێکی تایبەتمان داناو ئەو مەرجانە لەگەڵ کەسێک نەگونجا بەڵام ئێمە هەست بە نزیکبوونەوەو ئارامی بکەین بەرامبەر بەو کەسە دەکرێ لە هەندێ مەرج خۆشبین و وابزانین کە خۆمان دەدۆزینەوە و پرسیار لە خۆمان بکەین بۆچی ئەم بەرەنگارییە روویدا؟ کاتێ وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوەو ناخی خۆمان خوێندەوەو ئەو پاڵنەرە شاراوانەمان زانی ئەوکاتە دەزانین چ مەرجێک بۆ هاوسەری ژیانمان دیاری دەکەین و چاکسازییەک بەسەر لیستی مەرجەکانمان دەهێنین تاکو ئەو مەرجانە گونجاوبێت لەنێوان مێشکی ناوەوە کە خەزنکراوە لەنێوان عەقڵمان، بەم شێوەیەش هاوسەری ژیانمان هەڵبژێرین و قەناعەت دەکەین و لەناخەوە ئارام و ئاسوودەو دڵنیا دەبین.

راستگۆیی بنەمای سەرکەوتنە لە ژیان، هەروەها بنەمای سەرکەوتنی پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەریشی، پرۆسەی دۆزینەوەی کەسێکی گونجاو دۆزینەوەی ناخی خۆمانەو کاتێ ئەو سیفەتانە لە خەڵکی دەدۆزینەوە کە لێیان نزیکمان دەکاتەوە ئەوکاتە لەگەڵ حەز و ئارەزوو و هەست و ترسەکانی خۆمان زیاتر ئاشنا دەبین و هەرچەندە راستگۆ و بێ پێچوپەنا بین لەم پرۆسەیەدا ئەوەندە سەرکەوتن لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خۆمان و دەوروبەرمان بەدەست دەهێنین، بەکورتی پێویستە هەڵبژاردنی هاوسەری دوارۆژ بە بەکارهێنانی هەردوو باڵی زیرەکی و هەست یاخود عەقڵ و دڵ بێت، بەختەوەری و دڵنیایی بۆ مرۆڤ بەدی دەهێنێ.

# خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە

**ژیوا ئەحمەد**



بابەتی پیسبوونی ژینگە، بەیەکێک لە بابەتە سەردەمییەکان دادەنرێت و کێشەیەکی بنەڕەتی و مەترسیدارە لەژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، بۆیە پسپۆڕانی بواری ژینگەناسی و ژینگەپارێزی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش زۆربەی وڵاتانی جیهان پەرۆشی پارێزگاری کردنن لە ژینگەو پێکهاتە سروشتییەکان کە خەریکە بەهۆی کاریگەری خراپی مرۆڤ و خراپ بەکارهێنانی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم و پرۆژەی پیشەسازی مەزن، زیانی گەورە بەر ژینگە بکەوێت، کە دواجار مرۆڤ بۆخۆی زیانمەندی یەکەم دەبێت لەو ناوەندەدا.

وەکو زانستیش ژینگەناسی پەیوەندی توندی بەزۆربەی زانستەکانی تری وەک کیمیا، فیزیا، ئابوری، کۆمەڵناسی، یاسا، رامیاری، زیندەوەرزانی، جیولۆجیا، کشتوکاڵ و زۆر لایەنی تری ژیانەوە هەیە.

بایەخ و گرنگیدان بەژینگەو باسکردن و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای رووداوێک کە لە کەنداوی (منی مەتا)ی وڵاتی (یابان) روویدا ئەویش لە دەرئەنجامی پەرەسەندن و پێشکەوتنی بزوتنەوەو چالاکی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی پرۆژەو کارگەی گەورەو فراوان بەشێوەو ژمارەی زۆر، تاوەکو زیانی گەورەی گەیاند بە زیندەوەرە ئاوییەکان (ماسی) بە پلە یەک، تا لە کۆتاییدا بووە مایەی بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی و گرفتی تەندروستی مەترسیدار و نزیکەی (٤٠٠٠) کەس گیانیان لەدەستدا بەهۆی خواردنی ماسی و زیندەوەرە ژەهراوی بووەکانی ئەو ناوچەیە.

سیستەمی یاسای ژینگە گوزارشتە لە کۆمەڵێک ئەڵقەی تێکهەڵکێش و تەواوکەری یەکتر، پارێزگاری لێکردنی بەمانای پاراستنی مرۆڤ دێت کە لە لوتکەی هەرەمی خۆراکیدایە، پیسبوونی ژینگەش کە لە زۆربەی بارەکاندا مرۆڤ هۆکاریەتی و بەهەر چەشن و رێگەیەکیش بێت مرۆڤ تیایدا زیانمەندی یەکەم دەبێت لە پاڵ بوونەوەرو زیندەوەرانی تر.

هەریەکێک و لایەنێک لەپێکهاتەکانی سروشت و ژینگەی دەوروبەرمان رۆڵ و گرنگی خۆیان هەیەو بەئەرکێک هەڵدەستن، واتە سیستەمێکە کرداری گەشەکردن و بەردەوام بوونی تێدا لە سنوورێکی دیاری کراو روودەدات، بەکتریا بەنموونە رۆڵی گەورە دەبینێ بۆ شیکردنەوەی بەشێک لەو ماددەو پێکهاتانەی لە سروشتدا هەیە، ئینجا ئەگەر لە رۆڵی دارستانێک یا زەریاو دەریایەک یا هەواو.. هتد وردببینەوە، بەئەرکی ئێجگار مەزن هەڵدەستن لە خزمەت گەیاندن بە هەموو زیندەوەرانی سەرزەمین و هەریەک لەو پێکهاتانەی لە سروشت و ژینگەی دەوروبەرمان بوونی هەیە لە هەر شوێن و کاتێک دووچاری زیان پێگەیاندن و پیسبوون و قڕکردن هات، دەرئەنجامە خراپەکانی راستەوخۆ یا لە کاتێکی تر بێگومان دەردەکەوێت.

پیسبوونی ژینگەش دەشێت هەر سێ بەشی (بەرگی گازی و وشکانی و ئاوی) بگرێتەوە، هەروەک ئاشکرایە کە بەرگە هەوایەکە دووچاری پیس بوون دەبێت بەهۆی وردیلەی بچوکی خۆڵ و تۆزی دەوروبەرو دوکەڵی کارگە مەزن و پرۆژە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان و دووکەڵی ئۆتۆمبێل و... هتد، پاشماوەی گازە ژەهراوییە جۆراوجۆرەکان کە بەهەوادا بڵاودەبنەوە لەگەڵ جۆرەها میکرۆب و ڤایرۆسی نەخۆشی.

هەرچی بەرگە وشکانییەکەیە زۆرجار بەشی زۆری ئەو پیسبوونەی بەردەکەوێت، لەئەنجامی فرێدانی زبڵ و خاشاک و پاشماوەی زۆرو جۆراوجۆری مرۆڤ کە رووبەری فراوان داگیر دەکەن بەتایبەت لەو وڵاتانەی تا ئێستا نەتواندراوە جارێکی تر سوود لەو پاشماوانە وەربگیرێت کە هەندێکیان دەیان ساڵیان دەوێت تا بەتەواوی شی دەبنەوەو لەناودەچن.

رووبەرە ئاوییەکانیش بەدەر نین لە پیس بوون و زیان پێ گەیاندنیان، هەروەک پیس بوون بە زبڵ و پاشماوەی جۆراوجۆر کە فڕێ دەدرێنە دەریاو زەریاو رووبارەکان و هەندێکیان دوای توانەوەیان لە ئاودا مادەی ژەهراوی مەترسیداریان لێ دروست دەبێت، (بۆ نموونە (زەئبەق) بەتێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوی رووبارو دەریاکان و کارتێکردنی هەندێک زیندەوەری دەریایی لە توانای ژەهراوی بوونەکەی زیاد دەبێت (١٠٠ بەرامبەر ١٠٠٠٠٠) جار. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک جار بەهۆی گواستنەوەی مادە پترۆڵییەکانی وەک (نەوتی رەش، گازو...) پانتایی فراوانی ئاوی دووچاری پیسبوون و ژەهراوی بوون هاتوون، کەواتە ژینگە بە بەردەوامی لەو سێ ناوەندەدا لەژێر کارتێکردن و پیس بووندایە.

سەرچاوەکان زۆرو جۆراوجۆرن هەندێکیان بەردەوامن و هەندێکی تر رەنگە تەنها لە بارودۆخی جیاوازو لەکاتی جیاوازدا روودەدەن.

پیسبوونی هەوا:

سەرچاوەی جێگیر وەک کارگە مەزن و هەمیشەییەکان.

سەرچاوەی جوولاو وەک ئۆتۆمبێل و...

پیسبوونی ئاو:

سەرچاوەی زانراو وەک تێکەڵ بوونی نەوتی رەش و گازو... بەرێژەی زۆر.

سەرچاوەی نەزانراو (نادیار).

پیسبوونی وشکانی:

روداوی سروشتی جۆراوجۆر ئاگرکەوتنەوە مەزنەکان، بورکان، لافاو.

پاشماوەی جۆراوجۆری مرۆڤ لە خۆڵ و خاشاک و زبڵ و..

ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و بۆمبای ئەتۆمی کە ئەمانە کاریگەرییان بۆ سەدان ساڵ دەمێنێتەوە لەسەر ژینگەو ئەوەی تێدایەو بەتێپەڕبوونی کاتیش زیاتر مەترسیدارتر دەبن.

پیسبوونی ژینگە بریتییە لە تێکەڵ بوونی مادە یا وزە یا هەر پاشماوەو پاشەڕۆیەک بەژینگە بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەرێژەی کەم یا زۆر کە زیان بگەیەنێت بە مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەک یا هەر پێکهاتەیەکی سروشتی و ببێتە رێگرو بەربەست لەدەستخستنی بەروبوومەکانی سروشت.